کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20-6-2007 18:54

## سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ... مەرجی گەڕانەوەی میسداقیەتی ئەمریکا لەجیهانی ئیسلامیدا ... مەریوان نەقشبەندی



لەو ڕۆژەوەی میخائیل گۆرباتشۆف تەسلیمبونی بلۆکی ڕۆژهەلاتی ڕاگەیاند، جگە لەسەربەخۆبوونی زۆربەی وڵاتانی یەکێتی سۆڤێت چەندین دەوڵەتی نوی لەجیهاندا دروست بوە و بوونە ئەندامیش لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان، هەندێك لەم دەوڵەتە تازانەی جیهان ڕوبەر و دانیشتوانەکەی بەقەدەر ڕوبەر و دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی نابێت وەك (تیموری ڕۆژهەلات) ، هەندێك لەوانەش پێشینەی سیاسی و تەنانەت حزبی سیاسیشی تێدانەبوە و یەك شەهیدیشیان بۆ سەربەخۆیی نەداوە وەك (دەوڵەتی تۆنگا) ،

مۆنتینیگرۆ کە هەندێك پێی دەڵێن (کۆماری چیای ڕەش) و بەشێك بوو لە یۆگسلافیای جاران بەیەك ڕاپرسی سەربەخۆیی دەستەبەرکرد، باشووری سودان کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی غەیرە موسڵمانن، لەناکاو نیمچە کۆنفیدرالیەکیان لەگەڵ سوداندا مسۆگەر کرد و بوونە خاوەنی قەوارە ی خۆیان و سەنگ و دەسەلاتیشیان لەحکومەتی خەرتومدا لەزۆربەی هاوپەیمانە ئیسلامیەکانی عومەر حەسەن ئەلبەشیر بەهێزتر و قورسترە، ئەوە لەڕۆژئاوای سودانیشدا لەسەر پێشێلکاریەکانی هەرێمی دارفۆر دونیا هەستاوە و خەریکە حکومتەکەی خەرتوم شاربەدەر و ڕیسوا دەکەن، لەباکووری ڕۆژئاوای کیشوەری ئەفریقاش سەرەڕای ئەوەی شانشینی مەغریب یەکێکە لەبەهێزترین هاوپەیمانەکانی ڕۆژئاوا و (ئەمریکا بەتایبەتی) ، کەچی پرسی بیابانی ڕۆژئاوا و داواکاریەکانی پۆلیساریۆ کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هێزە ئاشتیپارێزەکانی (مینۆسۆر) ی سەربەUNی ناچارکردوە زیاتر لە (20) ساڵ لەبیابانی ڕۆژئاوا بمێننەوە و چەندین سیاسەتمەداری وەك (جێمس بیکەر) سەرقاڵ بوون بە دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك بۆ کێشەی دانیشتوانی بیابان کەداوایی سەربەخۆیی لەمەغریب دەکەن، کێشەی ئەم هەرێم و ناوچانەی باسکرا هەموویان بەسەنگ و گوشار و قورسایی و کۆمەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی ئەمریکا چارەسەر کراوە یان خەریکە چارەسەر دەکرێت و لێرەشدا ئەوانە هەموو مافی خۆیانە بەدوای قەوارە و سەربەخۆیی و ئازادی خۆیاندا بگەڕێن و هاوکاری و پشتگیری ئەمریکاش بۆیان کارێکی دروست و مرۆییە و جێگای ستایش و دەستخۆشیە،

بەڵام لەبەرامبەریشدا هەرێمی کۆسۆڤۆ لەناوچەی بەلکان و کوردستان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خاوەنی دوو کێشەی مێژوویی و گەورە و ڕەوان و ڕوبارێك خوێن و چیایەك لەشەهیدیان لەپێناو ئازادی و سەربەخۆییدا داوە، کەچی هێشتا نەبونەتە خاوەنی دەوڵەت و هەمان گوشار و کۆمەکی ئەمریکا بۆ سەربەخۆیی ئەم دوو نەتەوەیە وەك پێویست نیە لەکاتێکدا نە کورد و نە ئەلبانی نەژادەکانی کۆسۆڤۆ پشتیان بە ئینتیما ئاینیەکەیان نەبەستوە و زیاتر خەباتی نەتەوەیی و دیموکراسیان هەڵبژاردوە، بەڵام دوای ڕوداوەکانی 11ی سێپتێمبەر، ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆرستی ئەگەرچی توانای هێرشی ڕاستەوخۆی بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندیە ژیاریەکانی نەما (یان لاوازبوو) بەڵام بەهۆی هەڵەی زەق و کوشندە لە ستراتیژیەت و پلانی ئەمریکا لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و مامەڵەی نادروستی ئیدارەی جۆرج دەبلیوبوش لەگەڵ جیهانی ئیسلامی و تێکەلاوکردنی کێشەی گەلان بەشەری دژەتیرۆر و مانەوەی کێشەکانی بۆسنە و کۆسۆڤۆ و عیراق و کوردستان و فەلەستین و لوبنان و سۆمال و ئێران و ئەفغانستان،

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

توانی هەستی موسڵمانانی جیهان دژی ئەمریکا بووروژێنێت و ئەمریکا وەك دوژمنی گەلانی موسڵمان پیشان بدات و هێزە نەتەوەیی و دیموکراسی و عەلمانیەکانی ناو جیهانی ئیسلامیش تارادەیەك ئیحراج بکات،

سەرۆك بوش نەیتوانی بەستراتیژیەتەکەی (بیل کلنتۆن) و ئیلتیزاماتی ئەخلاقی بەرامبەر ئازادی و دیموکراسی و مافی گەلانی ژێردەستە و زوڵملێکراو بەردەوام بێت و هەندێك جاریش هەست بەجۆرێك لە پاشگەزبونەوە لەپرەنسیپەکانی (دەستتێوەردانی مرۆیی) دەکرێت کە لەکۆتاییەکانی سەدەی رابردو بۆ بەهاناوەچوونی گەلانی ژێردەستە ئامادەو پەیرەوکرا،

ئێستا لەجیهانی ئیسلامیدا وردە وردە هیوا بەگەورەیی و مرۆڤدۆستی ئەمریکا کەم دەبێتەوە و ئیعلامی شۆڤێنیستی عەرەبی بەهاوکاری ئوسوڵیەتی ئیسلامی کەخەریکە لە رێکخراوی قاعیدە و گروپەتەکفیریەکانیدا چڕ دەبێتەوە، توانیوێتی رای گشتی لەشەقامی ئیسلامیدا دروست بکات و دیمەنێکی ناشرینی ئەمریکا و رۆژئاوا خستوە و دەخاتە پێش چاوی جیهانی ئیسلامی ودەیانەوێت بەکورد بڵێن ئەوە هاوپەیمانیەکەتان لەگەڵ ئەمریکا و ئارامیی هەرێمی کوردستان بۆ هێزەکانی ئەمریکا و رۆژئاوا، نەبوە هۆی بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیی و نیشتمانیەکانتان چونکە موسڵمانن و زۆر بەئاشکراش بە خەڵکی هەرێمی کۆسۆڤۆ دەڵێن ئێوە باجی موسڵمانبونتان دەدەن، ئەگینا دەبوو پێش چەند ساڵێك و تەنانەت پێش (مۆنتینیگرۆ) ی دراوسێتان ئێوە سەربەخۆیتان وەرگرتبا،

جا ئەگەر بارودۆخی ئاڵۆزی عیراق و رۆژهەڵاتی ناوەراست ئەمریکای ناچارکردبێت ئێستا سەربەخۆیی کوردستان بەتوندرۆیی سیاسی بزانێت و بەردەوام داوای دواخستنی بکات، ئەوا بۆ سەربەخۆیی هەرێمی کۆسۆڤۆ هیچ بیانویەك بەدەستەوە نیەو رەنگە سەربەخۆیی ئەو هەرێمە سەرەتای گەرانەوەی متمانە و میسداقیەتی ئەمریکابێت لەلای جیهانی ئیسلامی.

naqshbandy@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.